# جفرەی چاوپێکەوتنەکەی خەزعەلی؛ ئێران وەك جاران نییە

26-01-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتی عەسائیبی ئەهلی حەق لەم رۆژانەی رابردوودا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بی بی سی کردووە کە سەرنجڕاکێشە. قسەکانی سەرەداوی گرنگی تێدان بۆ تێگەیشتن لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت و، سیاسەتی ئێران لە عێراق.

**زریان ڕۆژهەڵاتی|**

قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتی عەسائیبی ئەهلی حەق لەم رۆژانەی رابردوودا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بی بی سی کردووە کە سەرنجڕاکێشە. قسەکانی سەرەداوی گرنگی تێدان بۆ تێگەیشتن لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت و، سیاسەتی ئێران لە عێراق. لەم بابەتەدا شیکارییەك بۆ نێوەڕۆکی گوتەکانی خەزعەلی لەبارەی دوو تەوەری پێکهێنانی حکومەت، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران لە عێراق دەکەم کە پێموایە سەرەداوی گرنگیان لەبارەی ئەو بابەتانە تێدایە.

خەزعەلی تەمەنی 47 ساڵە، لە شاری سەدر لەدایکبووە. خوێندکاری مەکتەبی محەممەد سەدر بووە و کاتی خۆی یەکێك لە سەرکردەکانی سوپای مەهدی بووە و دواتریش ڕێی خۆی لە موقتەدا سەدر جیاکردووەتەوە. بۆیە ڕەنگە یەکێك لەو کەسانە بێت کە بە باشترین شێوە موقتەدا سەدر بناسن. بێجگە لەوە، لەدوای 2020وە وەك یەکێك لە سەرکردەکانی گرووپەکانی "موقاوەمە" دەرکەوتووەتە پێش. خۆی دەڵێ بێجگە لە محەممەد سەدر، ڕێپێدانی "شەرعی" لە محەممەدی شاهرودی( یەکێك لەبەرپرسە پلەباڵاکانی پێشووی ئێران) و ئایەتوڵڵا کازمی حائری وەرگرتووە کە ئەویش عێراقییە و لە قوم دادەنیشێ. ئەمەش ئاستێکی دیکەی نزیکیەکەی لە ئێران دەردەخات. نەك تەنیا ئەوە، بەڵکو لەڕووی سیاسیشەوە ئێستا ئیدی ناوی لە ناوانە و لەگەڵ سیاسییە کۆنەکانی وەك مالکی، هادی عامری و ئەوانی دیکە ناوی دێت.

**گرژییەکی کۆنترۆڵکراو لەگەڵ سەدر**

لە کۆی گوتنەکانی خەزعەلی دا خواستی کۆنترۆڵکردنی گرژییەکان لەگەڵ سەدر بەڕوونی دیارە. لەماوەی ئەو 24 خولەکەی چاوپێکەوتنەکەدا، هەموو جارێك "سەید" لە پێش ناوی موقتەدا سەدر دەهێنێ و سێ جاریش دەستەواژەی برامان سەید موقتەدا سەدر بەکاردەبات. ئەو وەختەی باسی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و، جارێکیش ئەو کاتەی کە باسی بەشداریکردنی ئەندامانی ڕەوتی سەدر بە کفن و جلوبەرگی سەربازی دەکات، دەستەواژەی ئەمە خێری تێدا نییە دووبارە دەکاتەوە. "خەڵکی شتی وای ناوێ و ئەمە زیانی لە سوودی زۆرترە" بەکاردەبات کە زیاتر دەستەواژەی کەمکردنەوەی گرژین نەك گەرمکردن و گوڕکردنی ناکۆکی.

ئەو لە کۆی قسەکانیدا دوو ناکۆکیی سەرەکیی خۆیان لەگەڵ سەدر دەخاتەڕوو: مالیکی و چەکی حەشدی شەعبی!

ئەو دەڵێت، ئێمە ناکۆکییەکی ئەوتۆمان لەگەڵ سەدر نییە لەبارەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. چونکە سەدریش وابیردەکاتەوە، بەڵام جیاوازییەکە لەسەر ئەوەیە کە ئایا "موقاوەمە" چەکەکانی رادەست بکات و سەدر گەرەنتی ئەوە بدات کە دواتر هەموو تواناکانی حکومەت بۆ دەرکردنی ئەمریکا بخاتەگەڕ یان نەخێر، وەکجاران "موقاوەمە" بەردەوام بێت. بە گوتەی خەزعەلی، ئەمە لە کۆبوونەکەی ماڵی هادی عامری لەگەڵ سەدر باسکراوە، بەڵام تا ئێستا بێ ئەنجامە. سەبارەت بە ڤیتۆی سەدر لەسەر مالیکی، خەزعەلی هیوای خواستووە کە بە گوتەی خۆی "برامان سەید موقتەدا سەدر" ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

ئەو دواجار دەڵی سەدر دەتوانێ بە بێ ئەوان حکومەت پێکەوە بنێ و سەرۆکوەزیرانیش دیاری بکات، بەڵام رستە و دەستەواژەکانی وەك "ئەگەر وابێ، ئەوا پرۆسەی سیاسی بەشێوەی سرووشتی ناچێتە پێشەوە"، "ئەوە مەترسیدارە"، "ئەگەری شەڕ هەیە، ترس لە شەڕ هەیە"، "هەندێك لایەنی دەرەکی دەیانەوێ شەڕی شیعە- شیعە هەڵگیرسێنن و ڕاگەیاندنیش ئاگرەکە خۆش دەکات"، "کازمی کەسێکی سەرکەوتوو نەبووە و ئەگەر برامان سەید سەدر ئەو دانێتەوە دەبێ بەرپرسیارییەکەیشی هەڵبگرێت"، "کورد و سوننە بوونەتە بەشێك لە ناکۆکیی ناوخۆیی شیعی ... و لەوانەیە ئەوە دواجار بە دابەشبوونی ناخۆیی ئەوانیش بشکێتەوە"، "یان بایکۆت دەکەین- کە ئەمە لایەنگری زۆرە لە نێو چوارچێوەی هاوئاهەنگی- یان دەبینە ئۆپۆزیسیۆن و چاودێرێکی ورد بەسەر حکومەت و لێی دەپرسینەوە و.."

جۆرێك لە هەڕەشە دەکات بەڵام، دیارە نایەوێ تۆنی دەنگی هەڕەشەکەی زۆر توند و زبر بێت، بۆیە لەڕێی ڕستە و دەستەواژەکانی وەك "تا دوایین کاتەکان ئەگەری ڕێککەوتن هەیە" و "ئێمە دواجار گرنگی بەوە دەدەین کە یەکڕیزیی شیعە لە بابەتە لاوەکییەکانی دیکە گرنگتر بێت"، "تۆپەکە لە مەیدانی سەید موقتەدایە"، "مەجەرعییەت و ماڵی شیعی شتی ناهێڵن شەڕ ڕووبدات، هەرچەند ئەمە واتای ئەوە نییە کە گرژی هەرنابێت"، "من خۆم زیاتر لە نەجەف دادەنیشم بەڵام ئێستا، لەبەر هەستیاریی بارودۆخەکە هاتوومەتە بەغدا بۆ ئەوەی ئەگەر شتێ ڕوویدا یەکسەر چارەسەری بکەین." دەیەوێ ئەو پەیامەش بدات کە نایانەوێ گرژییەکان لە کۆنترۆڵیان دەربچێت.

**پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران؛ وەك جاران نییە**

لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەدا قەیس خەزعەلی لانیکەم سێ جار دەڵی ئێران سیاسەتی خۆی هەیە و بڕیاری ئێمەش بۆ موقاوەمە بڕیارێکی عێراقییە. ئەو لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەوە ڕاستە کە دوای هێرشەکەی ماڵی کازمی، فەرماندەی سوپای قودس داوای لێکردوون کە ئەنجامی هەڵبژاردن قبووڵ بکەن و تەنانەت گرژییەکان لەگەل ئەمریکا کەمبکەنەوە، لە وەڵامدا زانیارییەکانی پرسیارەکە ڕەتناکاتەوە و دەڵێ: "بڕیاری ئێمە لە عێراق پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە." هەرچەند ئەو دەڵی ئێمە سوپاسی ئێران دەکەین لەبارەی هاوکاری و کۆمەکەکانی لەدوای 2003وە تا شەڕی داعش، لەبەر ئەوەش مافیان هەیە قسەیان هەبێت و ئامۆژگاری بکەن،

بەڵام دواجار بڕیاری ئێمەیە.
ئەو دواتر زیاتر روانگەی خۆی لەبارەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران ڕوونده‌کاته‌وه و دەڵێت، دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنە سیاسییە شیعەکان نەگۆڕاوە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو ئۆرگانانەی [ئێران] کە پەیوەندییان بە دۆسییەی عێراقەوە هەیە بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە. ئەو دەڵێت کە دڵنیایە لەوەی عەلی خامنەیی رێبەری ئێران سوورە لەسەر پاڵپشتیکردنی موقاوەمە، بەڵام لێیان روون نییە کە ئەو "گۆڕانەی" ئێستا کاری یەکەیەکی کۆماری ئیسلامییە یان خواستی هەموو کۆماری ئیسلامی! ئەو بە وردتر خاڵەکانی ناکۆکیی خۆی لەگەڵ سیاسەتی ئێستای ئێران دەهێنێتە سەرزمان و دەڵێت، ئەوەی لە تۆڵەی قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیسش کرا، تۆڵەی گەورە نەبووا! سەرەتا داوایان لێکردین کە راوەستین- ئەمەش لەگەڵ ئەوە گوتەیدا کە دەڵی بڕیارێکی موقاوەمە بڕیارێکی عێراقییە یەکناگرێتەوە- تا ئێران وەڵام دەداتەوە و دوای هەفتەیەکیش هێرشەکەی عەین ئەسەد و هەریر کرا کە ئەوەش خواستی تۆڵەی کەمکردەوە، لە راستیدا " شیکردنەوەیەکی هەڵە کرا". دواتر دەڵێت پەرلەمانی ئێران کەیفی خۆیەتی پیرۆزبایی هەڵبژاردنی حەلبووسی دەیکات یان نا، یان دەیەوێ ئەنجامی هەلبژاردن قبووڵ بکرێ، ئەوە هیچ کاریگەرییەك لەسەر ئێمە دانانێت، ئێمە بڕیاری خۆمان هەیە. هەروەها باس لەوەش دەکات کە ئێران خاوەنی بەرژەوەندیی خۆیەتی و ئێمەش هی خۆمان هەیە و بڕیاری ئێمە بۆ موقاوەمە عێراقییە و پەیوەندی بە دانوستاندنەکانی ڤیەناشەوە نییە.

**ئەنجام**

گوتەکانی قەیس خەزعەلی گرنگن لەبەر ئەوەی ئەو لە دوو ساڵی رابردوودا ببووە یەکێك لە رووخسارە دیارەکانی ئەو گرووپانەی کە بە بەرەی موقاوەمە ناودەبرێن. وادیارە کە هێشتا بە هیوایە بەوەی کە لەگەڵ سەدر بگەنە رێککەوتن. گوتەکانی واتای ئەوەن کە لەوانەیە گوشارەکان لەسەر کورد و سوننە لە قۆناخی داهاتوودا زیاتر بن ئەگەر بێتو لەگەڵ سەدر نەگەنە هیچ. هەروەها باسی دروستبوونی گرژی و سەرنەکەوتوویی حکومەتی داهاتوودا دەکات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەرگەیەکی گەڕانەوە دەهێڵێتەوە. ئەوەش واتای ئەوەیە کە لە سیناریۆی رێکنەکەوتن لەگەڵ سەدر، گرژییەکی کۆنترۆڵکراو وەك بەردەوامیی هێرشی جاروباری گرووپەکانی موقاوەمە، بەکارهێنانی میدیا و گوشاری سیاسی لەسەر سەدر و هاوپەیمانەکانی(کورد و سوننە) بەردەوام دەبێت بەڵام ئەو پەیامەش دەدات کە نایگەننە مریشکە رەشە!
سەرنجڕاکێشترین بەشی قسەکانی ئەوانەی سەر ئێرانن. دیارە هێشتا لێی روون نییە بۆچی ئێران لە دۆسیەی هەڵبژاردن و قۆناخی پاش هەڵبژاردندا بە تەواوی پشتی نەگرتوون. رەنگە یەکێك لەو هۆکارانەش کە لە سەرەتاوە سەدریان بە کەم دەگرت، هەر ئەوە بووبێ کە وایاندەزانی ئێران وەك جاران بە هەموو هێزەوە پشتیان دەگرێت، بەڵام وا دەرنەچوو. وادیارە ئێران ئەمجارەیان هەم کەمتر رۆڵی هەیە، هەم وەکو لە نێو شیعە و کوردیشدا زیاتر بەدوای سیاسەتێکی راگرتنی هاوسەنگییەوەیە هەتا لاسەنگی. ئەو هەرچەند رێبەری ئێرانی لێ دەرخستووە، بەڵام ناڕاستەوخۆ لەڕێی گوتنی ئەو ئۆرگانانەی کە دۆسیەی عێراقیان بە دەستە، سوپا بە هۆکاری "گۆڕانی سیاسەت" لە عێراق دەزانێت. جەختکردنی چەندجارەیشی لە عێراقیبوونی بڕیاری خۆیان و توانای گرووپەکانی موقاوەمە بۆ دروستکردنی چەك بە تایبەتی درۆن، جۆرێك لە بێمنەتی خۆی لە ئێران دەردەخات. ئەم قسانەی خەزعەلی نیشانەکانی قۆناخێکی تازەن سەبارەت بە نفوزی ئێران لە عێراق، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا زووە بڵێین خەزعەلی دەتوانێت بە تەواوی لە قسەی ئێران دەربچێت!

**سەرچاوەکان**


[1] -https://www.youtube.com/watch?v=OvRKOyp_ENc

[2] -
https://ahlualhaq.com/%d8%a7%d9%84%d8%b3%d9%8a%d8%b1%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d8%b0%d8%a7%d8%aa%d9%8a%d8%a9/